# کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

**Kurdistan National Congress (KNC)**

**Kongrey Nîştmanîya Kurdistan**

**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**

**W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk**


## نووسەران و رۆشنبیران، نیشتمانپەروەرانی کورد!

## پارتی و حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان!

هەروەک ئاگادارن، سەرلەبەیانی رۆژی 4/3/2010 لەهێرشێکی لەنەکاوی پۆلیسی ولاتی بەلژیکا بۆ سەر RojTv و نووسینگەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، دەیان کەس لە نووسەر و هەواڵنێر و کارگێرانی RojTV و چەندین ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەستبەسەر کراون. هەروەها وێرای لێدان و بریندارکردنی چەندین کەس لە گیراوان، زیانێکی زۆریشیان بە کەلوپەلی نێو هۆدەکانی RojTV گەیاندووە.

جێگەی سەرسوورمانە، هێرشێکی لەو چەشنە لەولاتێک ئەنجامدەدرێت، کە پێتەختی یەکێتیی ئۆرووپایە و بە یەکێک لە کۆنترین ولاتانی خاوەندیمۆکراسی ناودەبرێت. ئێمە ئەم کردەوەی پۆلیسی بەلژیک کە راستەوخۆ بەبریاری دەوڵەت و پەرلەمانەکەی بەم کارە هەڵساوە، بەدوور لە یاسا و پرنسیپی نێونەتەوەیی دەزانین و، داوا لە هەموو رۆشنبیران و ئازادیخوازان و رێکخراوەکانی مرۆڤیی لە ئۆروپا دەکەین، دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بەگوێی پەرلەمانی ئۆروپا و کۆروکۆمەڵی نێونەتەوەیی بگەیەنن.

پەلاماردانی لەنەکاو و قۆڵبەستکردنی نووسەر و ئازادیخوازانی کورد، ئەوجارەیان نەک لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، بەڵکو لەنێو جەرگەی ئۆرووپای خاوەندیمۆکراسیدا روویدا، کە خۆی بە پارێزەری ئازادیی راگەیاندن و بیرورای ئازاد دادەنێت.

دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، هێرشکردن بۆ سەر نووسەران و میدیا و چاپەمەنیی، بە هەر نێو و بیانوویەکەوە بێ و، لەلایەن هەر دەوڵەت و رژێمێکەوە ئەنجامبدرێت، شەرمەزار دەکا و، پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ ئازادیی بیرورا و ئازادیی نووسین و چاپەمەنیی دەردەبرێت.

لەکۆتاییدا، داوا لە هەموو رۆشنبیر و نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد دەکەین، بە کۆکردنەوەی ئیمزا و، ناردنی بۆ پەرلەمانی ئۆروپا، داوای وەرامی روون و شەفاف لە دەوڵەتی بەلژیکا بکرێ و. داوای کردنەوەی تەلەفزیۆنی RojTv و نووسنیگەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و، قەرەبووکردنەوەی زیانەکان بکرێت.

**دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

5/3/2010


**KNC**
**P.B. 205 Holmlia**
**1204 Oslo, Norway**

**post@kncsite.com**
**www.kncsite.com**
**Mobail; 0047- 93839953**